


# جیاوازیی نێوان ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، لە گەڵ

# دوکتۆر فەرهەنگ هۆلاکوویی دەروونناس و کۆمەڵناسی بەناوبانگی فارس و،

# ڕەزا پەهلەویی (کوڕەکەی حەمەڕەزاشا!)

**سیروان کاوسی**

10/2/2023

**بەرفرەبوونی ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، بەر لە هەر شتێک ئاماژەی ڕوون بوون بۆ زانینی ئەم ڕاستینەیە کە گەلانی ئێران بە گەلی فارسی خاوەنکیان و باندەستیشەوە بڕیاری یەکجارەکییان داوە بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و، پەیامێکی ئاشکرا و ڕوونیاندا بە گوێی ڕژێمی مەلافەرمانیی تاران کە لای کۆمەڵگەی ئێران بە گشتیی ڕەوایەتیی لە دەسداوە. ئاستی خۆپێشاندان و دروشمی جەماوەری ڕاپەڕیوی سەرتاسەریی گەلانی ئێران و شێوازی دڕندانەتری هێزەکانی ڕژێمی ئیسلامیی بەرامبەر بە خەڵک، هەردوولا، واتە ڕژێمی ئیسلامی و حەشیمەتی بندەسەڵاتی دڵنیا کرد شەڕی مان و نەمان لە گەڵ یەکدەکەن.**

**پشتیوانیی ئاشکرای دنیای ئازاد لەگەڵ بزاڤی جەماوەریی گەلانی ئێران و نێوناسکردنی ڕژێمی ئێران بە "دڕندە" (وەحشی) و "کردار دڕندە" لە لایەن سەرۆکوەزیری دەوڵەتی ئینگلیز و کەنادا، پشتگیریکردنی ئێران لە ڕووسیا لە جەنگی بەرامبەر ئۆکراین، گاڵتەپێکردن بە** UN **و دەولەتانی ئۆرووپا لەبارەی وتوویژی چەندین ساڵەی بێئەنجامی بەناو "برجام"، (بەرنامەی گشتگر بۆ کردەی هاوبەش"،** Join Comprehnsive Plan of Action**)، هەروەها بڕیاری هاوپەیمانێتیی لەگەڵ چین و ڕووسیا و دژایەتیکردنی ڕۆژاڤا، هەڕەشەی لەنێوبردنی ئیسرائیل و سازکردنی کێشە بۆ هاوپەیمانانی ڕۆژاڤا لە خۆرهەڵاتی ناڤین، بارمتەگرتن و زیندانیکردنی هاووڵاتیانی ئەمریکا و ئۆرووپا بۆ مەبەستی سیاسی و ئابووری و باجوەرگرتن، هۆکارن لە پێکهێنانی هەڵوێستی وەکیەکی وڵاتانی ڕۆژاڤا و، کۆی ئەو کێشانەی ئێران بەرامبەر دنیای دەرەوەی خولقاندوویەتی ئاماژەن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی و ئابووری و سەربازیی هاوبەش لە وێنەی هێرش بۆ سەر یووگسلاڤیا و عێراقی سەردەمی سەددام حسێن! لەبەر ئەوە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی لە ڕۆژانی کۆتایی تەمەنی نێزیک بووەتەوە.**

**نەیارانی سیاسیی دژ بە کۆماری ئیسلامیی بە تایبەتی بەرەی لایەنگرانی ڕژێمی پاشایەتیی کە کوڕەکەی حەمەڕەزاشا (ڕەزا پەهلەوی) گوتەبێژ و دەمڕاستیانە، بە شێوازێکی چاوەڕواننەکراو و بەرفرە دەسیانداوەتە چالاکیی سیاسی و دیپلۆماسی و خۆپێشاندان**

لە زۆرینەی پێتەخت و شارە گەورەکانی وڵاتانی رۆژئاڤا، هاوکاتیش لە رێگەی چەندین راگەیەندنی فارسزمانی سەر بە دەوڵەتانی دیمۆکرات لە ئۆرووپا و ئەمریکا تێدەکۆشن، دەولەتەکانی ئەمریکا و دنیای ئازاد بەگشتیی وەک جێگرەوەی سیاسیی دوای رووخانی کۆماری ئیسلامیی لە قەڵەمیان بدەن.

هەر لەم پێوەندەدا رۆژهەڵاتی کوردستان بە هەڵگیرساندنی شۆرشی ژینا، دوو کاری مەزن و لەبیرنەکراوی ئەنجامدا، لە لایەک بوو بە پێشەنگی خەباتێکی هاوچەرخانە و پێشکەوتوو لە هەموو ئێران، لە لایەکی دیکەشەوە هوتافدان و دۆرشمی نەتەوەیی و بوێرانەی لاوان و چینی خوێندکار و نیشتمانپەروەرانی ژن و پیاوی کورد لە شارەکان کە جێی خۆیەتی ناوی لێبنرێت "ژیانەوەی نەتەوەیی رۆژهەلاتی کوردستان"، هەر زوو سەرنجی میدیای گەلی فارسی خاوەنکیان (بە دەسەلاتدار و بێدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە) راکێشا و بوو بە باس و بابەتی سەرەکیی هەموو لایەنەکانی ئاینی و ئەکادمی و رۆناکبیری و سیاسیی فارس و، گەلێک دیمانە و گۆتار و لێکدانەوەی لێکەوتەوە کە لە دێرەکانی خوارەوەدا ئاماژە بە سەرەکیترینیان دەکەین.

وێنەی ئەو سێ کەسەی لە ژێر سەردێڕی ئەم وتارە دانراون، نوێنەرێتیی هزری سیاسیی سێ بەش و چینی ئاینی و سیاسی و ئەکادمی و رۆشنبیریی نێو کۆمەڵگەی فارس دەکەن. خوێندنەوەی بیروبۆچوونی ئەو سێ کەسایەتییە جیاوازە یارمەتی کورد دەدات بە زانیاریی تەواو لە بارەی بیرکردنەوەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی فارس بەرامبەر چەمکی ئازادی و دیمۆکراسی، بریار لە چارەنووسی داهاتووی خۆیبدات، چۆنکە بۆ گەلێکی بندەستی وەک کورد، بێ ناسینی فەرهەنگی سیاسی و کۆمەلایەتی گەلی باندەست و رژێمەکەی، لە دەسنیشانکردنی رێگەی گەیشتن بە ئازادیی تووشی هەڵە و لادان دەبێ.

بۆ چوونە نێو کاکڵی بابەتەکەمان لە پێشدا لە ئایەتۆڵڵا سەید عەلی خامنەیی یەوە دەسپێدەکەین: ئەم کابرایە خەڵکی شاری "خامنە"ی سەر بە ئازەربایجانە، دوو ساڵی سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی و دوای فتوا بەدناوەکەی رۆحوڵلا خومەینیی بۆ سەر کوردستان، عەلی خامنەیی فەرماندەی "قرارگاه مرکزی خاتم الانبیا"ی سەر بە سوپای پاسداران بوو، لە گەڵ فەرماندەیەکیتری سوپای پاسداران (مستەفا چەمران) و مەلا سادق خەڵخاڵی (قەساوی ناسراو و گۆپاڵی دەستی خومەینیی)، لە هەموو تاوانەکانی بەرامبەر نەتەوەی کورد ئەنجامدران بەشدار بوو. دوای مردنی رۆحوڵڵا خومەینیی لە ساڵی 1989 خامنەیی بوو بە وەلی فەقیە و رێبەری کۆماری ئیسلامیی، لە ماوەی 34 ساڵ تەمەنی سەرۆکایەتیدا ناوی خۆی لە ریزی درِندەترین و خوێنرێژترین رێبەرانی مێژووی مرۆڤایەتیی تۆمار کردووە. درِندەیەتی و بێرەوشتیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی لە سایی ئامۆژگاری و پەروەردەی هزریی عەلی خامنەیی لە دنیا دەنگیداوەتەوە. شکەنجە و سێدارە و پێشێلکردنی هەموو مافیکی مرۆڤی و سیاسی و نەتەوەیی کورد بەرهەمی ریبەری ئێرانی ئیسلامیی بووە بۆ کوردستان. هەر چەشنە داخوازییەکی کوردی بە ناوی "تجزیەطلبی" (جیابوونەوەخوازی) سەرکوتکردووە و وەک رابردوو بزاڤی تازەی رۆژهەلاتی کوردستان (شۆرشی ژینا)ی بە پیلانی زایۆنیزم و ئەمریکا و بیری جیاوبوونەوەخوازی نێوناسکرد. هێزەکانی رژێمی خامنەیی بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی ئێران، درِندانەترین شێوازی سەرکوتیان بەرامبەر خەڵکی کوردستان بەکار هێنا.

بە کورتی خامنەیی و رژێمەکەی بەرامبەر بە کورد و کوردستان وەک رژێمێکی داگیرکەر، سیاسەتی کوشتن و شەووەزەنگ و تالانکردنی سامانی کوردستان و کردنی کوردستان بە هەماری چەک و جبەخانە و سەربازگە و زیندان و کوشتن و گرتنی بە کۆمەڵی پێرەو کردووە. لەنێوچوونی کۆماری ئیسلامیی، بە واتای لەنێوچوونی یەکێک لە درِندەترین رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان دەبێت.

دوکتۆر فەرهەنگ هۆلاکوویی: خەڵکی شاری شیرازە لە خوارووی ئێران و تەمەنی (80) ساڵە، کۆمەڵناس و دەروونناس و ئابووریناسێکی بە ناوبانگی کۆمەڵگەی فارسە. سالانێک لە سەردەمی رژێمی حەمەرەزاشا مامۆستای زانستگە بووە لە تاران، سالانێکی زۆریشە لە ئەمریکا دەژی. هۆلاکوویی بە مرۆڤێکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست و دادپەروەر ناسراوە و، رێز و خۆشەویستیی زۆری لەنێو کۆروکۆمەڵەی ئەکادمی و گەلانی ئێران و فارسزمانەکانی ئەفغانستان هەیە و، بۆ پێوەندیی راستەوخۆی لە گەڵ خەڵک رادیۆیەکی

بەناوی "همراه" (لە گەڵ) دامەزراندووە و، زۆربەی بەرنامەکانیشی لە کەناڵەکانی فارسزمانی ئێرانییەکانی دانیشتووی ئەمریکا بڵاودەبێتەوە. بە کورتی، دوکتۆر هۆلاکوویی لە ڕێگەی بەرنامەکانییەوە توانیوێتی خزمەتێکی زۆر بکات بە چارەسەرکردنی کێشەی خێزانی و گەیاندنی زانیاریی بۆ پەروەردەی منداڵ و، ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ڕادیۆکەیەوە وەرامی هەموو ئەو پرسیارانە دەداتەوە پێوەندییان بە کێشەی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی نێو کۆمەڵگەی ئێرانەوە هەیە.

وەک لە دێڕەکانی سەرووتر ئاماژەمکردپێی، لە گەڵ بڵاوبوونەوەی درۆشمی ڕزگاریخوازانەی جەماوەری کوردستان لە شارەکانی ڕۆژهەلات، دوکتۆر هۆلاکوییش بە ئاشکرا بۆچوونی خۆی بۆ ئاگاداریی گەلی فارس و نەتەوەی کورد و گەلانی ئێران بە گشتیی لە چەند دیمانەیەکیدا دەربڕی، لە نێویاندا چەند بەشێکی دوو دیمانەی دەنووسمەوە کە پێوەندییان بە بابەتەکەمانەوە هەیە. (بۆ دەقی تەواوی هەر دوو دیمانەکە بڕوانە بۆ دوو لینکی خوارەوە لەسەر یووتۆب بڵاوکراونەتەوە!).

ڕادیۆی همراه (لە گەڵ) بەرنامەی ڕازها و نیازها-

بابەتی بەرنامە: آیا خطر جنگ داخلی و تجزیه ایران وجود دارد!؟

(ئایە مەترسیی شەڕی نێوخۆیی و دابەشبوونی ئێران هەیە!؟)

(Revolution in Iran 2023)

کابرایەکی فارس پێوەندیی دەگرێ و، دەڵێ: لە بارەی بابەتێکەوە پرسیار دەکەم، لەم ماوەیەدا چەند جارێک لە بارەی ئێرانەوە لێدوانتاندا، لە بابەتی سەربەخۆییخوازیی هێندێک نێوچەی ئێران، یان دابەشبوونی ئێران، ئێوە فەرمووتان ترس و دڵەڕاوکێتان نییە و مەترسییەک نابینن! بەڵام پڕۆپاگەندەیەکی بەربڵاو لەلایەن میدیای ڕژێمی ئیسلامییەوە دەکرێ و، دەڵێ: ئەگەر کۆماری ئیسلامیی نەمێنێ، ئێران وەک خۆی نامێنێ، لێکدانەوەتان چییە، پێم باشە ڕوونتر لەم بابەتە تێبگەم!

دوکتۆر هولاکوویی: " وەک لە بەرنامەکانی پێشتریش گوتوومە، من هیچ هۆیەک بۆ ئەم ترسەی ئێوە نابینم. ئەوەی کە من لە هاوڕێیان و لە هاونیشتمانیانی خۆشەویستی دەبیسم و دەیبینم، دڵەڕاوکێی دابەشبوونی ئێران، یان دەستەودایرەیەک بیانهەوێت لە ئێران جیا ببنەوە، ئەوە نابینم. ئەوەی کە کەسانێکی لەخۆبایی، کەسانێکی خۆشباوەڕ، کەسانێک بە هۆی تایبەتمەندیی نەخۆشینی دەروونی کە هەیانە، بە شوێن هەراوهۆریایەکی لەم چەشنە بن، ئەوەی کە کەسانێک، یان دەوڵەتگەلێک، تێبکۆشن ئاگرێکی وا هەڵگیرسێنن و، هەوڵبدەن پشتگیری کەسانێک بکەن لەوە تێدەگەم... خۆشەویستانی دلێر و شەڕڤان و ئازای وەک کورد، یان هاوڕێیانی ترک، یان عەرەبەکانی باشووری ئێران، یان خۆشەویستانی بەلووچ کە لە درۆشمەکانیان نەک بە قسە بەڵکوو بە خوێن و گیانبەختکردنیان بەلووچستان و کوردستان بە یەک دەزانن ... ئێمە گومانمان لە ڕاستی و لە هاواریان نییە لە زاهدانەوە تا دەگاتە مەشهەد، شیراز، ئەسفەهان و سنە و سەقز و تەوریز، یان ڕاگەیەندراوەی لاوانی ئەم نێوچانە بڵاویدەکەنەوە، جگە لە ئێران. بابەتی سەرەکیی بۆ هەموویان ئێرانە. وەک گوتم، ئەوە ڕاستە لەنێو ئەم چالاکییە سیاسییانەدا دەستەیەک لەوانەیە بۆچوونێکی وایان هەبێت، بۆ ئەوەی بە وتەکانیان بە پەیامەکانیان تێکی بدەن، چۆنکە ئەمە ڕوویداوە، ئالایەک بهێنن جگە لە ئالای ئێران، وای پێشانبدەن کە ئێمە ئالایەکی دیکەشمان هەیە، بەڵام ئەم کەسانە لەوانەیە نەزان بن، دەتوانن لەخۆبایی بن کە ئەم کردەوەیە بنوێنن! لەبەر ئەوە ئەمانە دەبێ تێبگەیەندرێن کە ئالاکەیان لابەرن، بەڵام هاوکات کاری ئەمانە لەوانەیە پیلانیش بێت، من ئەگەر بڕیار بدەم بزووتنەوەیەک تێکبدەم، هەوڵدەدەم هێندێک کار بکەم بۆ تێکدانی، یەکێک لەم پیانگێڕییانە بۆ نموونە ئەوەیە دەتوانن بڵێن ئێمە لەگەڵ یەک ناکۆک و ناتەباین، لەگەڵ یەک دوژمنین، بە شوێن جیابوونەوەین (تجزیە)، ئەم ترسە بڵاوبکەنەوە، کە وەک ئێوەش ئاماژەتان پێکرد ڕژێمی ئیسلامیی دەڵێ: ئەگەر ئێمە نەبین، کۆمەڵێک لە ڕێگەی ئەم خۆپێشاندانانەوە بە شوێن دابەشکردنی ئێرانن... ئامانجی ڕژێم لەوانەیە بۆ شێواندن و چەواشەکردنی بیروڕای خەڵک بێت. سەرەڕای ئەمانە من هیچ مەترسییەک بۆ سەر داهاتووی ئێران نابینم...!

https://www.youtube.com/watch?v=UPRpTiv8RL0

**دوکتۆر هۆلاکوویی لە دیمانەیەکی دیکەی لەگەڵ عەلیرەزا مەیبۆدی شاعیر و میدیاکاری ناسراوی فارس لە رادیۆ-تەویزیۆنی "همراه" (لەگەڵ) بڵاوکراوەتەوە.**

**بابەتی بەرنامە: "نگران آینده ایران" (پەژارەی داهاتووی ئێران!)**

**مەیبۆدی پرسیارەکە بەم شێوازە دەسپێدەکات: لەنێو ئەم رووداوانەدا دەنگەلێکمان گوێلێدەبێ کە ئامانجیان جیابوونەوەیە، هەموو هەوڵێکدەدەن بە شێوازی جۆراوجۆر. بەشێکی وا بەرچاودەکەوێ، لەم پێوەندەدا رژێمی ئیسلامییش پەرە بەم پرۆپاگەندانە دەدات، بڵاوکردنەوەی ترسە لەنێو خەڵک، ترس، واتە ترسان لە بزووتنەوە، ئەوەی کە بەردەوامبوونی ئەم بزووتنەوە لەوانەیە ئێمە بەرەو ئەو ئاقارە بەرێت، کە سووریا تووشی بووە، واتە دۆخی سووریا لە ئێران دووپات بێتەوە. بڵاوکردنەوەی ترس هەگەر ئێمە برۆین ئێران وای بەسەر دێت...!**

**دوکتۆر هۆلاکوویی: "پێشووتریش لەو دەرفەتانەی بوومانە، یان بیسەرانی باش و خۆشەویست بابەتگەلێتان خستووەتە بەر باس و پرسیاریان کردووە، ئەز بۆچوونی خۆمم گوتووە. بە باوەڕی من هیچ هۆیەک نییە بۆ دابەشبوونی ئێران. هەل و مەرجی کۆمەڵایەتیی ئێران، رێکخراوەکان و زەوینەی فەرهەنگی و خەڵکێک کە پێکەوە دەژین، بە رەچاوکردنی ئاستی زانای و تێگەیشتنێک کە هەیانە، هیچ هۆیەک نابینم کە پێکەوە تووشی ناکۆکیی نێوخۆیی بن. ئەوەی کە دەبینینین ئەوەیە خەڵکن لە بەرامبەر رژێم یان دەوڵەت. لەم رووەوە هەموو یەکدەنگ و یەکپارچەن، هیچ جیاوازییەک نابینی. بە لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسی و دەروونناسی-کۆمەڵایەتیی دەتوانین پێشانیدەین کە ئێران ئەو زەوینەیەی نییە بەرەو شەڕ و ناکۆکیی نێوچەیی و نەتەوەیی بڕوات. بە قەدە سەری دەرزییەک ئێوە ئەوە نابینن کە لێرە ئەو کێشانە روو بدەن. بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە لە سنوورەکانی ئێران "اقوام*" و دەستەگەلێک نیشتەجێن، کە زمانی جیاواز و فەرهەنگی جیاواز و هێندێکجاریش مێژوویەکی جیاوازیان هەیە، بەڵام بە هۆکاری زۆر کە دەتوانین لە بارەیانەوە قسە بکەین، بابەتی سەرەکی و بنەڕەتیی ئێرانە، ئەوجا نیشتەجێی چ شوێنێکن؟ یان سەر بە چ دەستە و گرووپێکن، بە باوەڕی من ئێران مەترسیی دابەشبوونی لە سەر نییە، قسەیەکی لەم جۆرە وەک گاڵتەو نوکتەیە. نە لە رێگەی شەڕی نیوخۆییە، لە بەر ئەوە هەموو ئەو قسەلۆکانە بێ بنەمان و، شیاوی بیرکردنەوە و تێڕامان نین. ئەوەی کە ژمارەیەک لەخۆبایی و، خۆبەزلزان، هێندێکجاریش بە هۆی کورتبینی کە هەیانە لەوانەیە بە هەلی بزانن لەمەدا گومانم نییە، یان ئەوەی کە بە رێخستنی شەڕ و ناکۆکی بۆ دەسەڵاتی خۆیان تێبکۆشن...". (*-فارسەکان بە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی بندەستیان دەڵێن اقوام، قەوم-خێڵ و هۆز. ن.).**

https://www.youtube.com/watch?v=-dYdW2JzZ9g&t=1217s

**گفتوگۆی تایبەت لە گەڵ شازادە رەزا پەهلەوی**

**رەزا پەهلەوی لە چوارەمین مانگی شۆرشی "ژن، ژیان، ئازادی" وتووێژێکی تایبەتی ئەنجامدا لە گەڵ خاتوون تینا قازیمراد بەڕێوەبەری ژووری دەنگوباسی تلەویزیۆنی "من و تۆ" کە سەر بە بنەماڵەی پەهلەوییە و لە ئەمریکاوە بە زمانی فارسی بڵاودەبێتەوە. لەو وتووێژەدا کوڕەکەی حەمەڕەزاشا مەرجەکانی خۆی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی سیاسیی بۆ پێکهێنانی ئۆپۆزسیۆن خستەڕوو، ئەو خالانەشی دەسنیشانکرد کە بە باوەڕی ئەو هێڵی سوورن!**

**خاتوون تینا قازیمراد: بابەتێکی گرنگ، لە تەنیشت پێویستیی یەکگرتن و یەکێتیی کە هەموو هێزەکان کۆبکاتەوە، پرسێکیش هەیە ئەویش هێڵە سوورەکانن، دەمەوێ پرسیارتان لێبکەم، ئەم هێڵە سوورانە چین!؟ یەکگرتن لە دەوری چ شتێکەوە دەبێ پێکبهێندرێت!؟**

وەک نموونە ئێمە چەند حیزبێکمان هەبوون، گوتوویانە: مەرجمان بۆ هاتنە نێو ئۆپۆزسیۆن، دەبێ چەند نەتەوەبوونی ئێران پەسند بکرێت! یان تەنانەت حیزب و کەسانێکی دیکەمان هەبوون "اقوام ایرانی" بە نەتەوەکانی ئێرانی ناودەبەن، ئاشکرایە ئەم هێزانە لەوانەیە وەک سیاسەت و فێڵ و ڕێچارە بڵێن ئێمە ئێرانین! بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە ئەمانە باوەڕیان نییە بە یەکێتیی خاکی ئێران، بە هەبوونی ئێران و بە یەکێتیی نەتەوەی ئێران. هەڵوێستی ئێوە لە بەرامبەر ئەمانەدا چییە و، چۆن دەکرێت لە گەڵ کەسانێک لە بەرەیەک کۆببنەوە کە ئەمە بیروباوەڕیان بێت!

ڕەزا پەهلەویی: "زۆر بە ڕوونی پێتانی بڵێم. هێزەکانی دێمۆکراسیخوازی ڕاستینە کردە و بیروبۆچوونی دێمۆکراسیخوازییان ڕوون و ئاشکرا بێت، ئەوا سەر بەم چیرۆکەن. ئەوانەی کە ئەم هێڵە سوورانەی یەکێتیی خاکی ئێران نەخەنە ژێر پێ. لایەنەکانی نادێمۆکراتیک، لایەنەکانی جیابوونەوەخواز ناتوانن لە ڕیزی ئێمەدا بن. ئەو ئاڵایەی سەر سینگم دەبینی؟ کاتێک لە خولی پەروەردەی هێزی ئاسمانیی ئێراندا بووم، سەردەمی جەنگ بۆ بەرگریی لە خاکی نیشتمانم چووم، کاتێک تەماشایدەکەم ئەمە ئێرانی منە، ئازەربایجانی لەگەڵە، بەلووچستانی لە گەڵە، کوردستانی لە گەڵە، خۆزستانی لە گەڵە، کاتێک بە فڕۆکە بە ئاسماندا دەفڕیم نەمدەگوت ئێرە کام نێوچەیە؟ خاکی نیشتمانی منە، جیاوازیی نییە بۆ من... ئەگەر بستێک لە خاکی ئێران ئاڵوگۆڕی تێدا بکرێت، ئەو ئێرانە ئێدی ئێرانی من نییە! من دەڵێم هێزەکانی دێمۆکراسیخواز لانیکەمی دەتوانن لەسەر (3) خاڵ بنگەهین ڕێکبکەون: مافی مرۆڤ، دێمۆکراسی و جیابوونی ئاین لە دەولەت، پرسی یەکپارچەبوونی خاکی ئێران لە ڕیزی خاڵەکانی بنگەهینن...!".

https://www.youtube.com/watch?v=_Te59UAOnzE

❈ ❈ ❈ ❈

خستنەڕووی ئەو دێرانەی سەرەوە نموونەی ڕوون و ئاشکران کە گەلی فارس چلۆن دەڕواننە کورد بە تایبەتی و گەلانی بندەستیان بە گشتیی. بە هوردبوونەوە و تێڕامان لە بیروبۆچوونی چینی ڕۆناکبیر و ئەکادمی و قەڵەمبەدستی فارس، تێدەگەین دامەزرانی دەولەتی ناسیۆناڵی فارس لە سەردەمی ڕەزاشای گۆڕبەگۆڕەوە تاکوو ئیمرۆ وای لەو گەلە کردووە، ئاژەڵئاسا سەرووەری و سەردەستی بە مافی ڕەوای خۆیان بزانن و، کۆیلەتی و بەردەستیکردنیش بە مافی بێئەلاوئەولای کورد و نەتەوەکانی بندەستیان بزانن. دوای (45) ساڵی خوێناوی و پڕکارەساتی کورد، لە دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە تاکوو ئیمرۆ، لەنێو ئەم چینی ئەکادمی و ڕۆناکبیرەی فارس چ لەنێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات کەسێکیان لێهەڵنەکەوت وەک مرۆڤ، وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆی مافپێشێلکراو بڕوانێتە کورد.

دەروونەخۆش و مێشکڕزیوێکی وەک دوکتۆر فەرهەنگ هۆلاکوویی بیری ڕەگەزپەرستیی ڕێنادا پێی دان بە بوونی نەتەوەی کورد تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیشدا بنێ، دەڵێ: "لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران هۆز و دەستەگەلێک هەن کە زمانی جیاواز و کولتووری جیاواز و هێندێکجاریش مێژووی جیاوازیان هەیە!!". لێرەدا فێڵبازانە ئاماژە بەوە ناکا لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران ئەو "اقوام" و دەستەگەلە کێن و ناویان چییە!؟ تەنێ مەبەستی ئەوەیە خۆڵ بکاتە چاو خەڵک و بڵێ لە نێو ئێراندا جیاوازیی زمانی و کولتووری و مێژوویی نییە و، هەرچییەک هەیە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانە!! ئەوجا هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە خۆپێشاندانی کوردانی ئوورووپا و ئەمریکا بە کاری خەڵکێکی نەزان و لە خۆبایی و پیلانگێڕ دەداتە قەڵەم، کە بە وتەی ئەو، دەبێ تێبگەیەندرێن ئاڵاکەیان لابەرن!! بەمەدا ئەو ڕاستییەمان لا ئاشکرا دەبێ، بۆچی کۆمەڵێک گۆپاڵ بەدەست و سەرسەری و

ئاژاوەگێڕی فارس لە خۆپیشاندانەکان چەندینجار هەڵیانکوتایە سەر نیشتمانپەروەرانی کورد کە بە ئاڵای کوردستانەوە بەشدارییان دەکرد، بێڕێزییان بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان کرد و، چەندجارێکیش هەوڵی لێدان و بریندارکردنی تێکۆشەرانی کوردیان داوە!؟

ڕەگەزپەرستانی چەپ و ڕاست و ئاینیی فارس کە (45) ساڵێک لەمەوبەر لە ژێر چەتری خومەینی و ئاڵای ئیسلام بەرەو کوردستان لەشکریان خستەڕێ، کوردستانیان داگیر کردەوە، هەزاران ڕۆڵەی کوردیان لەنێو برد، ئیمڕۆکەش بە ناوی ئێران و یەکێتیی خاکی ئێران و ماڤی مرۆڤ و دێمۆکراسی لە ژێر چەتری کوڕەکەی حەمەڕەزاشا کۆبوونەتەوە، ئەمیش لێدوانەکانی دووپاتکردنەوەی ئیدۆلۆژیی ڕەگەزپەرستانەی باوکی و داسەپاندنی هەر ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەی سەردەمی باوکیەتی بە سەر کورد و گەلانی ئێراندا!

لە ڕۆژی دابەشکردنی کوردستانەوە ڕژێمەکانی ڕەگەزپەرستی یەک لەدواییەکی فارس بە نەتەوەی کورد دەبێژن "تجزیەطلب" (جیابوونەوەخواز)، کە ئەمە بوختانێکی گەورەیە ئەم تاوانە دەدەنە پاڵ کورد، چۆنکە نەتەوەی کورد بەراستی جیابوونەوەخواز نییە، هەزاران ساڵە کورد لە سەر خاک و نیشتمانی خۆی دەژەی، کوردستان زێد و خاکی باو و باپیرانیەتی، جیا بێتەوە بڕوا بۆ کوێ!؟ ئەمە فارسی داگیرکەر و داگیرکەرانی دیکەی کوردستانن کە دەبێ بڕۆن و لە کوردستان بچنە دەرەوە. ئێوناسکردنی کورد بەم وشەیە بۆ ئەوەیە فارس داگیرکەربوونی خۆی بشارێتەوە، کورد لەسەر خاکی خۆی بەوە تۆمەتبار بکا کە دەیەوێت جیا بێتەوە!؟ وشەی "تجزیە طلب"ی کردووە بە گۆپاڵی دەستی بۆ ئەوەی کورد نەتوانێ داوای بچووکترین مافی خۆی بکا، نەتوانێ داوای تەنانەت خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆی بکات.

بۆ کۆتاییهێنان بە جینۆسایدی خاک و کان و کانزای کوردستان، بۆ کۆتاییهێنان بە جینۆسایدی ڕەگەزی و زمان و مێژوو و ئاسەواری کوردستان، بۆ کۆتاییهێنان بە بێڕیزی و سووکایەتیی بەردەوام و کوشتنی ڕۆڵەکانی کوردستان، تاکەرێگەیەکی ژیرانە و زانستانە و نەتەوەیی لە بەردەم نەتەوەی کورد بە گشتیی مابێت، ئەوەیە یەکبگرێ و بەرەو سەربەخۆیی نیشتمانەکەی هەنگاوبنێت. بە سەرخۆبوونی کوردستان جوگرافیای ئێرانی دەسکردی دەستی ئیمپریالیزم لەنێودەچێ. ئەمەش تاکە ڕێگەیەکە گەلی فارس رادەچڵەکێنێ و تێدەگات بە درێژایی سەت ساڵ چ ستەمێکی گەورەی بەرامبەر نەتەوەی کورد و گەلانی بندەستی کردووە! تەنێ رووخانی ڕژێمی نازێتی و خۆکوشتنی هیتلەر بوو نەتەوەی ئاڵمانی تێگەیاند گەل و ڕەگەز و زمانی تاقانەی دنیا نین. ئەمە بۆ ڕژێمی خوێنرێژ و داگیرکەری ترکیاش هەروایە و بە دابەشبوونی جۆگرافیا دەسکردەکەی و سەرخۆبوونی کوردستان، ئیدۆلۆژیی نازێتیی ترک لە گۆڕ دەنرێت.

با بزانین حیزبە سیاسییەکان لەم دۆخە هەستیارەی ئیمڕۆکەی ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان و، دوای (44) ساڵی خوێناوی و پڕ ئازار بۆ نەتەوەکەمان چ پلان و بەرنامەیەکیان هەیە!؟ دوای ساڵانێکی زۆری نیشتەجێبوون لە باشوور کە بە دابڕان و جیابوونەوە و ناکۆکیی نێوخۆیی و چاوسۆرکردن لە یەک و هێندێکجاریش شەڕ و پیلانگێران لە دژی یەک لە شارەکانی ئۆرووپا تێپەڕبوون، سەرئەنجام لە ساڵی (2018)وە هەردوو باڵی ئاتەبای حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و هەردوو باڵی ناکۆکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، هەر چواریان "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران"یان دامەزراند! ئەم نێوەندە تا ئێستا کاری ئەوە بووە ڕاگەیەندراوەی هاوبەش بڵاوبکاتەوە و، ناوبەناویش لە بنکە و نووسینگەی یەکدی کۆببنەوە. دامەزرێنەرانی ئەم نێوەندە وەک ڕابردوو بەردەوامن لە پێڕەوکردنی سیاسەتی پاوانخوازی و بە هێندنەگرتنی حیزب و لایەنی دیکەی سیاسیی کە ئیمڕۆکە لەنێو گۆڕەپانی سیاسی و چەکداریی ڕۆژهەلاتدا بوونیان هەیە، وەک پارتی ئازادیی کوردستان کە لە بەرامبەر ڕژێمی داگیرکەری ئێران و لە شەڕی داعش و حشدی شەعبی خاوەنی دەیان شەهیدن، هەروەها حیزبەکانی دیکە تێکڕا دەبوو

بانگهێشت بکرایەتن، پێکەوە بەرەیەکی نیشتمانیی رۆژهەلاتی کوردستان دابمەزرێنن، سەرکردەیەتیی هاوبەش و، رۆژنامە و میدیای هاوبەش کە زمانڕەوشی بەرەی نیشتمانیی بێت، دەستەی پێوەندیی دەرەوە و دیپلۆماسی دامەزرێنن بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دێمۆکرات و هەر دەوڵەتێک بە پێویست زانرا، هێزی پێشمەرگە بکەن بە هێزێک بەناوی هێزی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر فەرماندەیەتیی شارەزای سەربازیدا بێت! لەمانە گرنگتر ئەو فیدراڵییەی لە چوارچێوەی ئێراندا بیری لێدەکەنەوە بیهێننە سەر کاغەز، نەتەوەی کورد بزانێ حیزبەکانی داوای چ دەکەن، هەروەها ئۆپۆزسیۆنی ئێران و وڵاتانی گەورەی وەک ئەمریکا و ئۆرووپا لە داخوازیی ئیمرۆکەی حیزبەکانی کورد تێبگەن. بەڵام ترس و خۆ بە کەمزانی و، بڕوانەبوون بە خۆ، کورتبینی و بچووک تەماشاکردنی پرسی کوردستان کارکردی گەورەیان هەیە لە نەبوونی پلانێکی روونی سیاسی و نەتەوەیی ئەم حیزبانەی دەیان سالە خۆیان بە پێشڕەوی نەتەوەی کورد لە رۆژهەلات دەزانن!

لەم پێوەندییەدا مخابن رۆشنبیر و قەلەمبەدەستی وامان هەن، راستییەکان دەزانن بەڵام ئاوەژۆی دەکەن و بە گوێی خەڵکیدا دەدەنەوە، لەوانە بەڕێز کاک عومەر حامیدی کە لە پۆستی ئینستاگرامەگەی چالاکە و، لە دوایین پۆستیدا (ژمارە 57) لە ژێر ناوی "هێڵی سووری سیاسەتی کورد بە کاتی ئینقلابی ژینای" بڵاویکردەوە، لە باتی ئەوەی دوو قسەی باش و نەتەوەیی بدات بە گوێی حیزبەکانی دێمۆکرات و کۆمەڵەکان، کەچی هێرشدەکاتە سەر نەتەوەییەکانی دڵسۆزی کوردستان و بە ئاژاوەگێڕ و توندئاژۆ و سەلەفی ئێویاندەبا، ژمارەشیان بە سەت بۆ سەتوپەنجا کەسی چەپ و توندئاژۆ ئەژمار دەکا کە چەند ئەکادمی و کۆمەڵێک کەمخوێندەواریان لە گەڵە! و بە وتەی ئەو ئەم توندئاژۆیانە "رووی خەباتی مەدەنی و دژایەتیی هاوبەشی کورد و فارس و گەلانی ئێرانیان وەرگێڕا بۆ شەڕی کورد و فارس!!".

بەڕێز کاک عومەر وەک نەتەوەییەک بیرناکاتەوە و، نازانێ دینەمۆ و چاوکانیی هەموو رابوون و بزاڤێکی کۆن و تازەی کورد بۆ مەبەستی ئازادی و رزگاریی کوردستان بووە. خەباتی مەدەنی و خەباتی چینایەتیی و لێدوانی لەم بابەتە بەلاڕێدابردنی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردە. ساڵانی رابردوو بە ناوی ئیدۆلۆژیی کۆمۆنیستی و خەباتی چینایەتی و چینی پرۆلیتار دژایەتیی بیری نەتەوەیی کورد دەکرا، ئێستاش ناوی گۆڕدراوە بۆ خەباتی مەدەنی. ئامانجی لە مێژینەی نەتەوەی کورد لە هەموو راپەڕینەکانی بۆ مەبەرستی رزگاری و راماڵدانی هێزی داگیرکەر بووە لە کوردستان، هەر هەوڵێکی لاوەکی و داتاشینی درۆشمی بریقەداری نانەتەوەیی لە رابردوو و ئیستا و داهاتوو نەیتوانیوە و ناتوانێت ئەم راستینەیە لە نێوەرۆکی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردستان بسڕێتەوە!

با کاک عومەر لێدوانی دەیان ئەکادمی و نووسەر و سیاسەتکار و مافناس و رۆژنامەنووس و دەروونناسی فارس لە ساڵانی رابردوو، بە تایبەتیی لە سەردەمی شۆرشی ژینا لە میدیای رەنگاوڕەنگی فارسەکان لە دەرەوەی وڵات گوێ لێبگرێ و بیانخوێنێتەوە، کە راوبۆچوونیان بەرامبەر کورد چۆن بووە و ئێستا چۆنە!؟ کە چلۆن لە ئۆرووپا و ئەمریکا هەڵدەکوتنە سەر خۆپێشاندەرانی کورد و سووکایەتیی بە ئاڵای کوردستان دەکەن!؟ یەکێتیی ئۆپۆزسیۆنی کورد و فارس بەوە پێکنایە کە کورد ئامانج و داخوازیی خۆی بۆ رازیکردنی ئۆپۆزسیۆنی فارس پشتگوێ بخات.

کاک عومەر و ئەوانەی وەک ئەو بیر دەکەنەوە، بە چاوی خۆیان خۆپێشاندانی شارەکانی رۆژهەلاتیان بینی دەیانهەزار ژن و کچ و کوڕ و پیاوی کورد هاوارایاندەکرد: "کوردستان کوردستان گۆڕستانی فاشیستان"، هەتا کوردێک بمێنێ کوردستانیش دەمێنێ". جەماوەری نیشتمانپەروەری شارەکانی کوردستان، بە وتەی ئێوە بە قسەی چەند کوردێکی سەلەفی ئۆرووپانشینی سەر فەیسبووک، بە درۆشم و ئاڵای کوردستانەوە بە دەستی بەتاڵ بەرەورووی هێزەکانی ئێرانی داگیرکەر نەبوونەوە! بەڵکوو بە درۆشمەکانیان

**پەیامێکی روونیاندا بە گوێی ئێرانی و ئێرانپەرستان و وڵاتانی دەرودراوسێی کوردستان کە رابوونی نەتەوەیی، رابوونی ناسنامە و هەبوونی کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ، دوور لە سیاسەت و دەستێوەردان و بۆچوونی حیزبەکانی کوردزمانی خۆ بە ئێرانیزان لە قووڵایی شار و گوندی کوردستان دەستیپێکردووە. بەڕێزت و ئەو حیزبانەی وەک تۆ بیر دەکەنەوە، مافی رەوای خۆتانە، گەر خۆتان بە ئێرانی بزانن و لە تەک گەلی فارس شانازی بە ناسنامەی ئێرانیبوونتانەوە بکەن، بەڵام دوای رووخانی رژێمی خوێنرێژ و دوژمن بە کوردی کۆماری ئیسلامیی، ئەو مافەتان نییە رێ لە نەتەوەی کورد بگرن داوای راپرسیی بکات بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆی!**

**هزری پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستان وەک بای شەماڵ هەڵیکردووە، گوند بە گوند و شار بە شار، بە چیا و دۆڵی کوردستاندا بڵاودەبێتەوە، بەرەی نیشتمانیی راستینەی رێبازی پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستان لەسەر دەستی جیلی تازەی نەتەوەیی و زانا و بوێر دادەمەزرێت، ئەو حیزب و لایەنانەش باوەڕیان بە سەربەخۆیی و سەربەرزیی کورد و کوردستان هەیە، بناخەدانەری سوپای رۆژهەلاتی کوردستانن!**

**هەر شەکاوە بێت ئاڵای بەرز و پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!**